# پـــــــــف

ئازاد جەلال

تەمموز ٢٠٠٤

پف لەو بەڵێنو وەفادارییەی کە کاربەدەستان لەهەردوو ئیدارە دەیدەن بەخەڵکیو لەکۆڕوسیمینارەکاندا بەنموونەییترین هەرێمی دیموکراسی ناوزەدی دەکەن، پف لەو بەڵێنە (٦)دانە ساڵە گوێ بیستی بیناکردنی نەخۆشخانەیەکی (٤٠٠) قەرەوێڵەیین ئەوا چەندین (٤٠٠) ڕۆی گوزەری کردو نەخۆشخانە بووەتە ڤیتارەکەو لەسەر زاری گەنجو لاوەکانی گەڕەکدا هەڵبەزو دابەز دەکات.

پف لەو زانکۆیەی کە لەهەرسێ شارەکەدا ساڵانە دەیانو هەزاران خوێندکار دەردەچێنێ بێ هیچ هەگبەیەکی سەقافیو ڕۆشنبیری، دەرچووە لەبەشی مێژوو نووسەری شەرەفنامە نازانێ کێیە؟ بەشی جوگرافیای تەواوکردووەو تاهەنووکە بەسنووری کوردستان ئاشنا نییە، کۆمەڵناسی تەواوکردووەو ئیبن خەلدوون ناناسێ، بەشی دیراساتی ئیسلامیی تەواوکردووەو قلو فل لەیەك ناکاتەوە، چوار یان پێنج یا شەش لەزانکۆ بەرێکردووەو ناوی لەدەفتەری کتێبخانەی کۆلێج دانە نووسراوە، دەزانێ کچان چۆنو بەچ شێوەیەكو لەکۆلێجێکن! بەڵام نازانێ بۆچی دەخوێنێو لە داهاتوودا چۆن ڕاژەی گەلەکەی دەکات!

پف لەو زانکۆیەی کە تائێستا تاقە ئەفراندنێکی لەڕووی زانستیو ئەکادیمییەوە نییە.
پف لەو دیموکراسییەی کە ناوەندی سەقافییەکان تیایدا مۆنۆپۆلی حزبنو هەر موداخەلەیەك تیایدا وانەی دیموکراسیت دا دەدەن!
پف لەو پشکەی کە سەرکردەکانمان بۆ کوردیان چڕی، پف لەو پزیشکانەی کەبەحساب ئەرکی مرۆیی جێبەجی دەکەن بەڵام دەستیان سووربووە بەخوێنی ئەو منالانەی کەلەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا تەمەنیان گەورەکردوون تا شمولی ئیعدام بکەن!
پف لەوەڵامی ئەو دکتۆرانە بۆ ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) کە گوتویانە ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە!
پف لەو یاسایەی کەلێپێچینەوە ناکات لەگەڵ ئەو پزیشکانە، پف لەو دادگایەی کەلە قاسەکەیدا دزی دەکرێت، پف لەووەزارەتەی کەناوی ئەوقاف کاروبارمی ئیسلامییە کەچی لە مانگی ڕەمەزاندا تیایدا جگەرە دەکێشرێو سیمای ئیسلامیی تیایدا ونە.
پف لەو زالگانەی کە دەیگەیتێ بەمۆڕەوە داوای ناسنامەت لێ دەکەنو بەجوانی ناپەیڤن، پف سەد پف لەنووسراوی سەر دیوارەکان ئەودیوارانە کەڕەسمی کەری تیا دروست دەکەنو لێی دەنووسران ئەوەی خۆڵ لێرە بڕێژێ پیشەی کەرە! پف لەسەیرانگاکانی پف لەڕۆژنامەکانی پف لە قوللەی ماڵە مەسئولەکان پف لەو ئاشتییەی کەلەنێوان هەردوو حزبدا هەیە!